www.kurdistannet.org
15-3-2003 23:16

# توانەوەی کات

**(خەلْوەتێك لەمیحرابی هەلەبجەدا)**

**فەهد شوانی- کوردستان**

نێرگزی مەست
نزای بۆ شاری خۆر دەکرد
هەناسەی لێلْی کانی عاشقان
حەزی پڕ تەلیسمی
بەئاسمانی ولاٚتی تەماویدا
پەخش دەکرد. .
کۆلاٚنەکانی شار نامۆبوون،
نامۆ بەو رێبوارانەی تا دوێنێ بوو
لەئامێزی ئەو شارەدا
ژوانیان دەگرت. .
نامۆ بەو پەپوولانەی
لەمانگەشەوی ئەو شارەدا
لەدایکبوون. .
نامۆ بەو گەڕەکە تاساوانەی
شاریان پێکدەهێنا. .
* *
گەردوون لەگەلْ بارانی رقدا
ژوانی هەبوو،
دەبوو ئەو رۆژە
پێکی مەستی بنۆشێ و
جاڕی بێ ئاگایی خۆی بدا. .
چرکەکان هێندە تینووی زەردەپەڕ بوون
چاوەڕوانی ئێوارەیان نەدەکرد،
تا ئێشکگری بەیەك بسپێرن
مالْئاواییان لەبوون دەکرد. .
من منالْ بووم،
پێم نەگرتبوو. . نابینابووم،
بەلاٚم گوێم لەدەنگی (گۆران) بوو
کە دەگریا. . هاواری بوو
وەلێ کەسێ نەبوو چاوی بسڕێ و
لە هەلْەبجەی گۆڕا
دەری بێنێ. .
* * *

کوردستان نێت www.kurdistannet.org

کات تووڕەبوو

چرکەکانی هەموو جێهێشت. .

هەورە ئاوسەکانی بیابان

بۆ شڵقاندنی بێ دەنگی

دەشتی شارەزوور

کەوتنە ڕێ. .

کات تەواو بوو،

پێنج هەزار چرکەی سەوزو سوور

لەنێو کاتژمێری شارێکدا خنکان. .

پێنج هەزار پێکی خوێن

پێنج هەزار ڕۆحی سپی

لەنێو دیوانە شیعرێکدا

بوون بە پەیکەر،

مەرگ خۆی بەر نەفرەتدا. . !!

www. fahdshwani.i8.com

www.kurdistannet.org كوردستان نێت